# بۆچی گرنگە ئەم جارە دەنگ بدەین

م. سەیران تەها ئەحمەد
ماستەر لەیاسای نێودەوڵەتیدا
کۆلیژی یاسا-زانکۆی سلێمانی

دەنگ دانی ئەم جارە وەك جارەکانی پێشووتر نابێت ، ئەمجارەیان شەڕێکی تر دەکەین شەڕی بەرگری و شەڕی نیشتمانی دەکەین ،شەڕی ئەمجارە لەهەموو شەڕەکانی‌تر قورسترە ،شەڕە لەگەڵ عەقل٬و ئایدیای تیرۆر و تیرۆرستان ، کە شەڕی خۆسەپاندن دەبێت شەڕی مانەوە و جێگیرکردنی کۆمەڵێك بنەما دەبێت ،دەنگدانی ئەم جارە بۆ بەعێراقبوونم نیە، چونکە بە وویست و زەبری سیاسەتی ئەمەریکاو ناوچەکەناسنامەی عێراقی بوونمان بەسەرداسەپێنرا، نازانم تاکەی دەخایەنێت ، بەلاَم دەزانم تاسەر نابێت؟بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا من ئەمجارە دەنگ دەدەم ؟دەنگ دەدەم بۆ ئەوەی نەهێڵین ناسنامەی تەنهای عەرەبی‌بوون بە بالاَی عێراقدا ببڕێت،دەنگ دەدەم بۆئەوەی نەهێڵین کوردستانەکەمان بەشێك بێت لە نیشتمانی عەرەبی؟دەنگ دەدەم بە ئالاَی کوردستان، نەك بە ئالاَیەك کە لەژێرسایەیدا ئەنفال کراین وژنەکانمان فرۆشرا؟
دەنگ دەدەم بەپێگەی کورد، نەك بەوپەرلەماندارە بەخەبەرەی بێخەبەرە ، یان بەو بەڕێزەی خرپەی خەوی دێت و ئاگای نە لەکوردو نە لەدەستکەوت نە لەحکوومەتە ؟هەر دەنگ دەدەم ، با لەحیزب وحکومەتەکەمان تۆرابین ، با گەورەترین گلەیمان لێیان هەبێت ؟دەنگ دەدەم بەکورد بوونی خۆم ، نەك بەحیزب و حکومەت ،چونکە حیزبەکانمان زۆر بیٚمنەت بوون لە خەڵك ،بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە، تا کاتی هەڵبژاردنەکان نەیەت  بیرلەوە ناکەنەوە گوێ لە هاولاَتیانی خۆیان بگرن؟کە داوای هەموو خەڵك یەکگرتنەوەی دووحکومەت، دوو دەسەلاَت، دووپارچەی جەستەی گەلێکە،هەرچەندە بیٚباوەڕیمان لەم یەکگرتنەوەمان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی ،کە باوەڕناکەین نە ئێستاو نە تا چواری ساڵی تریش ببن بەیەك؟ ڕەنگە یەکێك لەهۆکارەکان ، بۆنا؟ پەیوەندی بە بەرژەوەندی کۆمەڵێك  لەو دەوڵەمەندبوانە و خاوەن پایەی لەسەربەندبێت؟ڕەنگە لەوانە تیاناندا بێت ئامادەبێت چەك هەڵبگرێت و شەڕێکی ناوخۆی تر پەیدا ببێت ،بەلاَم ئامادە نەبێت کە دەست لە کورسیەکەی هەڵبگرێت یان پۆستەکەی بۆ یەکێکی تر بەجێبهێڵێت ؟چونکە لەلای ئێمە پۆست، وەك کورسی (تەختی پادشایەتی ) وایە ، بەموڵکی خانەوادەکەی دەزانێت ، وەیان دەبێت قەرەبووبکرێن لە پۆستێکی بالاَتر یان شوێنێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە .
وەیان خوانەستە دەبێت ، بە کۆمەڵێك مەلەف و حیکمەتی گەندەڵیەوە دەستیان لیٚهەڵبگرێت؟لەگەڵ ئەمەشدا ئنجا هەر دەنگ دەدەم ،هەر دەنگ دەدەم گەر هەرچی بەربەست هەیە لەبەردەم هەڵبژاردندا دانربێت ،گەرئەمجارە لە فەلووجە و یان لە تەلەعفەر یان هەر شارێکی تری ناو جەرگەی تیرۆرستان ،سندووقەکانی هەڵبژاردنەکانمان بۆ دانرابێت،هەر دەبێت دەنگ بدەم لەبەر خاتری سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی ، لەبەر خاتری هەموو دەوڵەتانی عەرەبی کەچۆن تووشی شۆك بوون، و پێیان وایە ،کە ئسرائیلێکی تر لەهەناوی نیشتمانی عەرەبی دایکیاندا دروست دەبێت ، دەبێت فریای نەهێشتنی و لەباربردنی بکەون ، چۆن ڕیگە بدەن لەم نیشتمانە بەموڵك عەرەبەی ئەماندا، میللەتێکی نامۆ و بەرەگەز جنۆکانەی تێدا دەربکەوێت و ببنە برابەشیان و شەریکیان بۆ پەیدا بێت؟دەنگ دەدەمچونکە هەموو هەوڵەکانی سوونەکانی نەك عێراق بەڵکو هەموو عەرەب لەم سەری کەنداو بۆ ئەو سەری یەمەن ، لە سۆماڵ و لە بیابانی ڕۆژئاواوە ، ئەوەی هەرگیز ناوی کوردی نەبیستوە ،دەزانن کە چۆن دژی بوونمان وەك نەتەوە بوەستن،گەورەترین هاوپەیمانی نەك هەر سونە، بەڵکو هەموو ئەو تیرۆرستانەی ناو عێراق دەکەن ،کە دەیانەوێت جارێکی تر لەڕێگای ترسناکترین ئایدیای‌شۆفنیزمی بەعسەوە ،
لەژێر دروشمی ( وحدە و حریە و اشتراکیە )ی سەردەمی سەدامی پاڵەوانیاندا ،جارێکی تر مەرگەساتی ئەنفال و هەڵەبجەیەکی‌تر بە دیاری بۆئەم گەلە بێنن ؟ئاشکرایە، کە چۆن هەموو  هەوڵەکانیان تەرخان کردووە،لەو ڕێگەیەوە

بتوانن کەلێن وگەورەترین گورز بوەشێننە کوردەکان ،بەهەر شێوازێك بێت ، لە هەر ڕێگایەکەوە بێت لە ناوەوە یان لە دەرەوەی عێراق ،وە لە هەر ئاستێکدا بێت کەبتوانن دەنگ لە کورد کەم بکەنەوە ،دەنگ دەدەم لەبەر بوونی گەورەترین مەترسی، گەورەترین پیلان لەبەردەم دواڕۆژی گەلەکەمدا؟ کە زیاتر لە پەنجا مادەی دەستور بۆبڕیار و دەسەلآتی پەرلەمانی داهاتوو بەجێهێلڕاوە؟هەر وەك چۆن توانیان بەفشاری عەرەبی وبەڕەزامەندی ئەمەریکی ،یاسای هەڵبژاردنەکانیان گۆڕی وبەسەر کوردا سەپاندنیان ، هەر وەك چۆن توانیان گەورەترین گۆڕنکاری (تعدیل) لە دەستورەکەدا بسەپێنن، بۆئەوەی بوارییان هەبێت ،لەگەڵ برا شیعەکانیان لە پەرلەمانی داهاتوودا لەسەر ئەو بەندانەی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە،یەك هەڵوێست و یەك دەنگیان هەبێت ،کە گەورترین زۆرینەی پەرلەمانی دەسەڵاتداری داهاتوو پێك دەهێننبە دڵنیاییەوە دەیانبینین چۆن یەکدەگرن ،بۆ ئەوەی نەك تەنها کەرکوك و خانەقین و شارۆچکە نەگەڕاوەکانی ترمان، بەڵکو بۆئەوەی سەروەت و سامانی گەلەکەمان لێزەوت بکەن ؟ئەوەتا برادەرانی ئیخوان لە میسر بن یان لەسعودیە و قەتەر ، چۆن ئیعاز و ڕێنماییەکانیان لە کوردستان سەردەگرێت؟دەنگ دەدەم، بۆ ئەوەی ڕێگە بەداگیرکەرانی کوردستان نەدەین هەوڵەکانیان سەربگرێت،دەنگ دەدەم بۆ ئەوەی فرسەت بە دوژمنانی گەلەکەم نەدەم کەلێنێکی گەورەتر بکەنە جەستەی زامدار و پارچە پارچە بووی گەلەکەم ؟من ئەمجارە ، بە ڕقێکی زۆر ئەستورەوە دەنگ دەدەم، چونکە دەنگی ئەم جارەمان کێشمەکێشیسیاسیە،لەگەڵ فیکر و بوونی ئەو تیرۆرستانەی بەناوی دیموکراتیەوە پەلکێش دەکرێن و دەسەپێنرێن لە ناو پەرلەمانی عێراقدا. دەنگ دەدەم ئەمجارە ، هەرچەندە کە پچووکترین بۆچوونم نە گۆڕاوە، بەرامبەر بە عێراق و ناسنامەی عێراقی ، بەڵکو لە جاران زیاتر سوورم لەسەر ئەوەی ناسنامەی عێراقی ناسنامەی من نیە ، ئامانجی من نیە ، بەڵکو ناسنامەی داگیرکەرانی وولآتەکەمە ، ناسنامەی گۆڕی بەکۆمەڵ وئەنفالە ، ناسنامەی کورد کوشتن و ژن فرۆشتنە ؟بەلآم دەنگ دەدەم لەپێناوی چەسپاندنی ناسنامەی بە کوردستانی بوون و مافی چارەی خۆنووسین و خەونی سەربەخۆیەوە،هەرچەندە  گەورەترین گومانم لە پەرلەمانی داهاتوو هەیە ،وە گومانەکانمان بێ بنەما نیە ، ئەوەتا دۆست و هاوپەیمانەکانی دوێنێمان تا لە کوردستانەکەیئێمەدا جێگامان بۆکردنەوە و دەستمان گرتن ، کەچی ئێستا ئەمانیش سیاسەتی تەعریبم بە بەرگێکی تر و بەشێوازێکی تر لەگەڵداپەیڕە ودەکەن ؟گومانم لەوە هەیە ئەم پەرلەمانە بتوانێت تا چوار ساڵیتر خۆی  بگرێت ، ڕەنگە گەورەترین کارەساتی شەڕی ناوخۆی لە عێراق هەڵبگیرسێت ، بەلآم لەگەڵ هەموو ترس و حەز و ئامانجەکانماندا ؟ هەر دەنگ دەدەم...........؟